# وەزارەتی مافی مرۆڤ

# منداڵانی چەند گوندێکی بەسەر کردەوە.



٭ راگەیاندنی وەزارەت

بەبۆنەی ساڵیادی رۆژی جیهانی منداڵان بەشی منداڵ و ژنان لە دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤ سەردانی ژمارەیەك گوندەکانی پارێزگای هەولێر-یان کرد و بەم یادەوە دیاری و جل و بەرگیان بەسەر منداڵانی ئەم گوندانە دابەشکردو لەهەمان کاتیشدا لەچەند رێنمایی و ئاشناکردن بەچۆنیەتی پاراستنی مافەکانی منداڵ لەم گوندانە لەگەڵ کەس و کاری منداڵان قسەیان کرد و باسیان لەوە کرد کە منداڵ سەرمایەیەکی گرنگی نیشتمانە و بەشێکی پڕ لەبایەخی داهاتووی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنین...

هەروەها رێنمایی ئەوەشیان کرد کە پێویستە دایك و باوکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان باشترین رێگای پێگەیاندن پەیڕەو بکەن تا لەدوارۆژدا ببنە بەشێك لەتەواوکەری سیمای شارستانیەتی کوردستان و جێ پەنجەیان دیاربێ لە ئاوەدانکردنەوە و پارێزگاری کردن لە پیرۆزی خاکەکەیان.


TOYOTA













